نووسەر و رۆشنبیر (بەختیار عەلی) لە دیدارێکی تایبەتی یەکگرتوودا

ئۆپۆزسیۆن گرنگە شتێك پێشکەش بکات لە پارتی و یەکێتی نەچێت..

لە دیدارێکدا دەربارەی چەند بابەتێکی پەیوەست بە سیاسەت و کەلتوری سیاسی کۆمەڵگەی کوردی، نووسەر و رۆشنبیر (بەختیار عەلی) دەڵێت: "هێزە گەورەکانی کوردستان لەسەر دەرکردن و بەلاوەنانی ئەلتەرناتیڤ ئیش دەکەن".

سازدانی: کۆژشان عەلی زەمانی

÷: بۆ دروستبوونی هەر پارتێکی سیاسی پاڵنەر و هۆکاری تایبەتی هەیە، ئایا ئەو پاڵنەرانە چین کە پارتە کوردییەکانی هێناوەتە کایەوە، تا چەندە ئەو پاڵنەرانە تەندروستن کە پارتە سیاسیەکانی ئێمەی لێ هاتۆتە بەرهەم؟

بەختیار عەلی: بەبڕوای من حیزبە کوردییەکان لە هەناوی بزاوتی ناسیونالیزمی کوردییەوە هاتوونەتە دەرەوە، هەموو حیزبە کوردییەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان تا ئەمڕۆش پێویستیان بە چەترێکی ناسیونالیستی هەیە، هیچ حیزبێك نییە کە بتوانێت بەبێ کۆمەڵێك دروشمی ناسیونالیستی و بەبێ داواندن و بانگهێشت کردنی هەستی ناسیونالی لە کوردستاندا بژی، بەڵام ناسیونالیزمی کوردی بوویەکی ناکۆك و لاوازی هەیە، ئایدۆلۆژیایەکی ناکامڵ و گەشەنەکردوە، لەبەر ئەوە ناتوانێت ببێتە ئەو مەرجەعەی کە کۆنترۆڵی ژیانی سیاسی ئێمە بکات، ئەوە وادەکات پەیوەندی حیزبی کوردی بە خالق و بزوێن و دروستکەرەکەیەوە پەیوەندییەکی ناکۆك و پڕ گرفت و پڕ گەمە بێت، پڕ خیانەت و پڕ درۆ کردن. لاوازیی ئایدۆلۆژی ناسیونالیزمی کوردی وادەکات نەتوانێت ئەو چوارچێوەیە دروست بکات کە بەهۆیەوە حیزب ستراتیژ و نۆرمی ئەخلاقی و نەگۆڕی مێژوویی هەبێت. ناسیونالیزمی کوردی لە باوکێك دەچێت کۆمەڵێك منداڵی دروست کردبێت، کە هەموویان تەواو لەدەست دەرچووبن، چونکە خودی ئەو باوکە توانای داڕشتنی چوارچێوەیەکی ئەخلاقی نەبووە. دوای زیاد لە سەد ساڵ بەسەر سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی بە فۆرمێکی مۆدێرن، راشکاوانە دەتوانین بڵێین کە ناسیونالیزمی کوردی روبەڕووی نوشوستییەکی مێژوویی گەورە بۆتەوە، لەوەدا کە نوێنەرێکی سیاسی راستەقینە بۆ خۆی دروست بکات. واتە بەسەرێك ناسیونالیزم تاکە شتێکە دەتوانێت مانا بداتە حیزبی کوردی و بە سەرێکی دیش حیزبی کوردی ناتوانێت ناسیونالیستی بێت، ئەمە ئەو ناکۆکییە قووڵەیە کە ژیانی سیاسی ئێمەی لەسەر بونیادنراوە.. دواجاریش بۆتە مایەی ئەو هەرەسە ئەخلاقی و سیاسی و ستراتیژیانەی ئەمڕۆ لە ناویدا دەژین.

÷: کولتوری سیاسیمان کۆمەڵێ هەڵەی زەقی لەخۆیدا هەڵگرتووە، چۆن دەتوانین دەسپەرداری ئەو کولتورەی رابردوو بین، کە لە سادەترین ئاستیدا بڕوای بە قبووڵکردنی بەرامبەر و گەمە سیاسییەکان نییە؟

بەختیار عەلی: کولتوری سیاسی کە دەچەسپێت لابردنی ئاسان نییە، واتە پێویستیمان بە پرۆسەیەکی گەورەی لادان و لابردن هەیە. پرسیارەکە سەرەتا ئەوەیە هەڵە زەقەکان چیین؟ ئایا مەسەلەکە تەنیا قبووڵ نەکردنی بەرامبەرە؟ پێمایە گوزارەی (قبووڵ نەکردنی بەرامبەر) زۆر زاراوەیەکی گشتییە، پێمایە هەموو یەکێك لە ئێمە بەجۆرێك لەجۆرەکان و لە پلەیەکی دیاریکراوی جیاوازیدا بەرامبەرمان پێ قبووڵ ناکرێت. بۆ نموونە من ناتوانم قبووڵی نازییەت یان بەعسییەت بکەم. واتە مەرج نییە هەموو جۆرە قبووڵ نەکردنێکی سیاسی هەڵە بێت. پرسیارەکە بەبڕوای من ئەوەیە، ئەو رێسایانەی سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا گەمەی لەسەر دەکات چیین؟ واتە حیزبێکی سیاسی چۆن شوناسی خۆی دروست دەکات؟ چ پێوەرێك بەکاردەهێنێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەویدیدا و پەیوەندی حیزب بە قەزا و بازاڕ و دەزگا عەسکەرییەکانەوە چییە؟ واتە دەشێت مرۆڤ بەرامبەریش قبووڵ بکات و عەقڵێکی فاشیانەشی هەبێت، دەشێت هەندێك هێزی بەرامبەریش قبووڵ نەکات و تا سەرئێسقان دیموکرات بێت، گرنگ ئەوەیە قبووڵکردن و نەکردن لە چ سیاقێکدا دێت، ئەمڕۆ دەیانەوێت شەرعییەت بە هێزێکی ترسناکی وەك بەعس بەناوی دیموکراسییەتەوە تێبپەڕێنن و وەك هەمیشەش هێزە سیاسییەکانی کورد پاڵەوانی ئەجۆرە تەزویرکردنەی دیموکراسییەتن. کێشەکە لەوەدایە هێزێکی سیاسی چۆن سەیری مەسەلەی هاوسەنگی و عەدالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات؟ تا کوێ دەیەوێت کۆنترۆڵی فەزای کۆمەڵایەتی بکات؟ تا کوێ دەیەوێت گەورەبێت؟ چی بە کاردەهێنێت بۆ گەورەبوون؟ چ کەرەستەیەك دەخاتەگەڕ کە کەرەستەی خۆی نین، بەڵکو کەرەستەی هەموو کۆمەڵگان؟ حیزب کاتێك دەبێت بە حیزبێکی دیموکرات یاخود دەشێت ببێت بە حیزبێکی دیموکرات کە سێ شت نەکات:

١ - کۆنترۆڵی میدیا نەکات.
٢ - کۆنترۆڵی هێزی سەربازی نەکات.
٣ -کۆنترۆڵی ئابووری ناکات.

گەر حیزبێکی سیاسی هەموو ئەم شتانەی کردبێت و دواتر بڵێت (من بەرامبەرم قبووڵە، من دیموکراتیم) قبووڵکردن و نەکردنی بەرامبەر هیچ نرخێکی نییە، چونکە لە بنەڕەتدا بەرامبەر لێرەدا تەنیا بوونێکی وەهمی و رەمزی هەیە. قبووڵکردنی بەرامبەر مانای بەخشینی شانسی یەکسانە بە هەموو ئایدیایەك بۆ ژیان. مانای ئەوەی کە خۆیتبەر و بەشە ئۆرگانییەکانی کۆمەڵگا لایەنی کەم وەك شمشێری هێزێك بەسەر ملی هێزێکی دیەوە بەکار نەهێنرێت. ئەمە مانای چییە؟ مانای هەیمەنەی سیاسی، نەبێت بە هەیمەنەیەکی داخراو کە رێگا لە لەدایکبوونی نوخبەی نوێ بگرێت، قبووڵکردنی بەرامبەر سەرەتا بە قبووڵکردنی مولکییەتی هەموواندا دەڕوات بۆ دەزگا کۆمەڵایەتییە گرنگەکان. گەورەترین رێگا بۆ چاککردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە بەوەدا دەڕوات سیاسەت سنووری خۆی بزانێت، سیاسییەکانیش سنووری خۆیان بزانن، لە بیرکردنەوەی سەتحی و میکانیکیش دەرچین و لەوە بکەوین لە هەموو ئاستەکاندا عەقڵ وەدەرنێنین و بیرکردنەوە تورەدینە دەرەوە. ئەوە یەکەمین سەرەتای پێویستە کە ژیانێکی کۆمەڵایەتی و فیکری هاوسەنگی لەسەر بونیاد دەنرێت.

÷: لە رابردوودا دەسەڵات و سەرچاوە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەدەست دوو حیزبی سەرەکییەوە بوون لەم وڵاتەدا، بە بۆچوونی بەڕێزتان هۆکاری نەبوونی ئەلتەرناتیڤێك تا ئەم دواییانە بۆچی دەگێڕێتەوە؟

بەختیار عەلی: لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردی هێشتا بەڕوونی کێشەکانی خۆی نابینێت. لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەگشتی ماوەیەکی زۆر گەورەی دەوێت بۆ ئەوەی بیر لە ئەلتەرناتیڤی سیستم بکاتەوە. لەبەر ئەوەی جورئەتی بیرکردنەوە بە خێرایی تەرجەمە ناکرێت بۆ جورئەتی سیاسی. لەبەر ئەوەی مرۆڤ گیانلەبەرێکە ئەفسانە و دروستکردنی میتۆلۆجیا و خورافەت زوو دەیخەڵەتێنێت. من دەپرسم: بۆ مرۆڤ بەگشتی ناتوانێت دەسبەرداری خورافاتە مەزهەبییەکانیش ببێت؟ خەڵکانێك هەن هەزاران ساڵە لە هیندوستان مشك دەپەرستن، بۆ ئەوان ناتوانن بیروبۆچوونی خۆیان و جیهانبینی خۆیان راستبکەنەوە؟ بۆ مرۆڤی نوێ رۆژ بەرۆژ ژینگەی ژیانی خۆی وێران دەکات و ڕاناوەستێت؟ بۆ ملیونەها ساڵە مرۆڤ کارەسات بەسەر ئاژەڵ و باڵندە و گیانەوەرانی بەستەزمانی تردا دەهێنێت و بیرناکاتەوە کە باڵندە و ئاژەڵانیش مەخلوقاتن هەستیان هەیە و هەست بە شادی و ئازار دەکەن... بۆ؟ مرۆڤی کوردیش جودانییە لەو ناعەقڵانییەتە قووڵەی کە لە ناو مرۆڤدا چەقیوە. بە بۆچوونی من مرۆڤ تاکە بوونەوەرە کە دەتوانێت ئەلتەرناتیڤ بخولقێنێت، مریشکێك ناتوانێت هەڵومەرجی ژیانی خۆی بگۆڕێت، بەڵام ئەوەی مرۆڤ دەکات بە مرۆڤ ئەو توانا گەورەیەیە لەسەر دروستکردنی ئەلتەرناتیڤ، بەڵام مرۆڤ هەمیشە بوونەوەرێکی چالاك نییە لە دروستکردنی ئەلتەرناتیڤدا، کە مرۆڤ بۆ ئەلتەرناتیڤ نەگەڕا واتە نابێت بەو حەیوانە سیاسییەی کە (ئەرستۆتالیس) باسی دەکات. لە وتاری (سێوی سێهەمدا) لەسەر رۆشنایی (لاکلاو و مۆڤدا) باسم لەوە کرد کە بەبێ گەڕان بۆ ئەلتەرناتیڤ، واتە بەبێ گەڕان بۆ (سێویکی سێهەم) سیاسەت دروست نابێت. ئێمە لە دونیایەکدا دەژین پڕە لە ئەگەری سیاسی درۆزن، واتە ئێمە ئامادەین بەردەوام دوو سێوە کرمێکەی یەکەم و دووەم بخۆین و بخۆینەوە، بەبێ ئەوەی بۆ ئەلتەرناتیڤی سێهەم بگەڕێین. لێرەوە سیاسەت لە دونیای ئێمەدا هەموو شتێك داگیر دەکات و هەموو شتێك دادەپۆشێت، بۆ ئەوەی ونبوون و نائامادەگی خۆی بشارێتەوە. سیاسەت بەمانا راستەقینەکەی تەنیا لەو ساتانەدا بوونی هەیە کە کۆمەڵگا لە ناوخۆیدا بۆ ئەلتەرناتیڤی دی دەگەڕێت. گەر ئەمە نەبوو سیستم یا هێزە باڵادەستەکان لەسەر ئەوە ئیش دەکەن کە سیاسەتێکی وەهمی بخولقێنن کە لەسەر دەرکردن و بەلاوەنان و نانونانی ئەلتەرناتیڤ دروست بووبێت. بەبڕوای من هێزە گەورەکانی کوردستان لەسەر دەرکردن و بەلاوەنانی ئەلتەرناتیڤ ئیش دەکەن. سیاسەتی راستەقینە ئەو ساتەیە کە تێیدا کۆمەڵگا دەوێرێت ئازادانە بۆ سێوی سێهەم یان ئەگەری سێهەم بگەڕێت، بۆ ئەلتەرناتیڤێکی دی بگەڕێت، کە ئەو ساتە دەرکرا و نارونانی ئەلتەرناتیڤ قەدەغەکرا، سیاسەتێکی فۆرمال و بێ ناوەرۆك و لە جەوهەردا رزیو شوێنی پرۆسەی ئەلتەرناتیڤ دەگرێتەوە. گەندەڵیی سیاسی لەسەر دزینی پارە و دەسەڵات دروست نابێت، بەڵکو لەسەر وەدەرنانی بیرکردنەوە لە ئەلتەرناتیڤ دروست دەبێت. لە هەر جێگایەکدا بیرکردنەوە لە ئەلتەرناتیڤ زەحمەت بوو، ئازادیش نا مومکینە. جورئەت و زیندوێتی کۆمەڵگا و مرۆڤیش لەسەر ئەوە رادەگیرێت و بەوە دەپێورێت کە چەندە دەتوانێت بیر لە ئەلتەرناتیڤ بکاتەوە.

÷: هاوڵاتیان لە ئێستادا لە بەکارهێنانی وشەی (حیزب) دا قەڵس دەبن و وەکو یەکێك لە دەزگا کۆمەڵایەتییە بێزراوەکانی سەیر دەکەن، ئەمە بۆچی دەگێڕنەوە؟ چۆن دەتوانین حیزب لەگەڵ هاوڵاتیان و کۆمەڵگادا ئاشت بکەینەوە؟

بەختیار عەلی: حیزب بوو بە وشەیەکی دزێو، چونکە چیتر ئاماژە بۆ وەزیفە و مانا بنەڕەتییەکەی خۆی ناکات. حیزب بوو بە جێگایەکی دزێو، چونکە پەیوەندییەکی بە مانای راستەقینەی سیاسەتەوە نەماوە. لە پەنجا و شەست و حەفتا و هەشتاکاندا حیزب دەزگایەکی گرنگ بوو، چونکە بۆ کۆمەڵگای کوردی وەك جێگای دروستکردنی ئەلتەرناتیڤ و وەك کارخانەی ئەلتەرناتیڤسازی وابوو، کۆمەڵگای کوردی لەناو حیزبدا جیهانبینی نوێ و ئەگەری نوێی تاقی دەکردەوە و، هەر لەوێشدا بیری دەکردەوە. دوای راپەڕین حیزب وەزیفەکەی سەد دەرسەد پێچەوانە دەبێتەوە، لێرەوەیە من بەردەوام ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە حیزب مردووە. دوای راپەڕین حیزب بوو بەو ئاستەنگە گەورەیەی کە رێگری گەورە لە دروست کردنی ئەلتەرناتیڤ و بیرکردنەوە لێی و ناولێنانی دەکات. ئەم دژایەتیکردنەی ئەلتەرناتیڤ تەنیا لە ئاستی سیاسیدا پیادە نەبووە، بەڵکو لە ئاستی رۆشنبیری و فیکریشدایە، وەختە بڵێم لە هەموو ئاستەکانی ژیاندایە. حیزب پێش راپەڕین جێگای بیرکردنەوەیە لە گۆڕین و باشکردنی دونیا، لەدوای راپەڕینەوە دەبێتە ماشێنێکی گەورەی کوشتن و ڕەدوونان و ڕیسواکردن و ناشیرینکردنی هەر شتێك بیر لە گۆڕین و باشکردن بکاتەوە. ئینتیما بۆ حیزب کاتێك مانای هەیە کە بەڕاستی ئینتیمایەکی کاتی بێت، بۆ نموونە ئێمە کەسمان لە ڕووی زیهنی و کولتووری و عەقڵییەتەوە ئەستەمە دەستبەرداری کوردبوونی خۆمان بین، ئینتیما بۆ نەتەوە دەشێت ئینتیمایەکی کاتی نەبێت، بەڵام حیزب جۆرە پەیمانێکی کاتییە، مرۆڤ دەبێت هەر ساتێك لێی دەرچوو ئازاد بێت، هەر کات حیزب ویستی عەقدی نێوان ئەندام و حیزب ببێت بە عەقدێکی نەگۆڕ و ئەبەدی، واتە دەیەوێت رێگای بیرکردنەوەی لێ بگرێت و رێگای هەڵبژاردنی ئازادی لە بەردەمدا داخات. حیزب لەو ساتەدا هەرەس دەهێنێت و دەمرێت کە ویستی جەوهەرە تێپەڕ و راگوزەر و کاتییەکەی خۆی بگۆڕێت بۆ شتێکی جاوید و ئەبەدی، کە حیزب گووتی: (ئێمە بۆیە هاتووین تا بمێنینەو). ئیتر حیزب نییە، واتە چیتر شوێنی بیرکردنەوە نییە لە ئەلتەرناتیڤ، شوێنی گەڕان نییە بۆ ئەگەری سێهەم، شوێنی دڵەڕاوکێی پاشەڕۆژ نییە. حیزب لە سەردەمی پێش راپەڕیندا خۆی وەك عەشق، وەك مەحەبەت، پێشکەش بە ئەندامەکانی دەکرد، ئینتیما بۆ حیزب وەك ئینتیما وابوو بۆ مەعشوق، ئەمڕۆ ئەو عەشقە مرد، رۆڵی حیزب ئێستا لەلای ئێمە وەك رۆڵی کەنیسە لە سەدەکانی ناوەندا وەهایە، دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، سامانی زۆری هەیە، بێئەوەی بتوانێت هیچ شتێکی رۆحی پێشکەش بە ئەندامەکانی بکات. حیزب دەزگایەکە هەر کات لەوە کەوت بتوانێت لەگەڵ رۆح و ویژدان و بیرکردنەوەی ئەندامەکانیدا بدوێت، یان دەبێت بە دەزگایەکی عەسکەری سەرکوتکەر یان بە گیرفانێکی زل و هەیکەلییەتێکی مافیایی، لێرەوە حیزبە سیاسییە راستەقینەکان بەردەوام لە نوێکردنەوەی پەیوەندی خۆیان دان بە ژیان و کۆمەڵگاوە. سەبارەت بەوەی حیزب چۆن لەگەڵ کۆمەڵگادا ئاشت بێتەوە؟ لە راستیدا ئەو پرسیارە دەبێت حیزب بیکات نەوەك ئێمە. هیچ حیزبێك یان هێزێکی دیکتاتۆر نییە بتوانێت لە سزای مێژوو و کۆمەڵگا دەرچێت، لەبەر ئەوە گەر حیزبییەکان خۆیان بیرنەکەنەوە یان بەهەڵە بیربکەنەوە، یان وابزانن پێداگری و توندوتیژی ئیعلامی و جەستەیی دەتوانێت کارێکی پۆزەتیڤ بێت بۆیان، ئەوا کێشەکە سەد دەرسەد پەیوەندی بە حیزبەوە هەیە. حیزب دەبێت دان بە قەیرانە مێژوویەکەی خۆیدا بنێت و دواتر ئەو پرسیارە بکات، تا حیزب بە قووڵی و گەورەیی ئەو پرسیارە لەخۆی نەکات، شایستەی ئەوە نییە کە مرۆڤ بۆ وەڵامەکەی بگەڕێت. جەوهەری قەیرانی حیزب ئەوەیە کە ئەم پرسیارە ناکات، گەر ئەو پرسیارەی بکردبایە لە بنەڕەتەوە پرسیارەکانی دی دروست نەدەبوون.

÷: لەدوای ئەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییەی کوردستان و راگەیاندنی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم، هێزێکی تری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە رادەیەکی بەرچاو پەیدابووە کە هێزی ئۆپۆزسیۆنە. ئەو دیاردەیە بۆ ئێستای ژینگەی سیاسی کوردستان چۆن دەبینیت؟ ئەو هەنگاوە پێویستانە چین کە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن پێویست دەکات لە ئێستای ژینگەی سیاسی کوردستاندا ئەنجامی بدەن؟ ئایا پێت وایە دوو هێزە سەرەکییەکەی کوردستان ئەو هێزانەی دەرەوەی خۆیان (گۆڕان و یەکگرتوو) قبووڵ بکەن کە وەکو ئۆپۆزسیۆن کاربکەن؟

بەختیار عەلی: ئۆپۆزسیۆن تا ئەو جێگایە گرنگە کە شتێك پێشکەش بکات کە لە (پارتی و یەکێتی) نەچێت، لێك نەچوون نابێت لەسەر پرۆسەی دروستکردنی جیاوازی سەتحی دروست ببێت. یەکێتی و پارتی ئێستا لە باوکێك دەچن کە بەرەو پیری دەچێت، باوکێك ساڵەهای ساڵ دەسەڵاتێکی ڕەهای لەناو خێزاندا هەبوویێت و ئێستا پیری هێدی هێدی دەستی شل دەکات. دیارە بەحوکمی کۆمەڵێك هۆکار دەشێت هێزێك خێراتر بەو پرۆسەی پیربوونەدا بڕوات، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەر هێزێکی سیاسی نوێبوونەوەی راستەقینە لەخۆیدا نەکات، درەنگ یان زوو وەك هەر ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتی کە بیەوێت تەحەددای یاساکانی زەمەن و گۆڕانی سەردەمەکان بکات زیاتر و زووتر پیر دەبێت، بەڵام زۆر گرنگە ئۆپۆزسیۆن تەنیا کەرتبوونی ئەو پیرییە یان تەنیا یاخیبوون نەبێت لە دەسەڵاتی پیاوە پیرەکان، ئۆپۆزسیۆن دەبێت شتێکی دیکە و هەڵگری پرۆژەی پاشەڕۆژ بێت. واتە شتێك بێت کە بەڕاستی توانای دەرچوونی لەو مۆدێلە سیاسییە باوە هەڵگرتبێت. ئۆپۆزسیۆن ئەو دەرگا نهێنییەیە کە کۆمەڵگا پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی لە ساتە قەیراناوییە گرنگەکاندا ئومێدێکی بە گۆڕان و نەخنکان و دەربازبوون هەبێت. کێشەکە ئەوەیە کە نەبوونی ئۆپزسیۆن کارەساتی کۆمەڵایەتی یان شۆڕشی زۆر توند و کۆنترۆڵ نەکراوی لێ دەکەوێتەوە. کارەساتی وەك ئەنفال و ڕەو لە عێراقدا بەرەنجامێکی سروشتی دان نەنان بوو بە ئۆپۆزسیۆنی سیاسییدا. کۆچی دەیان هەزار کورد بۆ دەرەوەی وڵات بەرەنجامێکی سروشتی نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بوو لە کوردستاندا. کۆمەڵگای بێ ئۆپۆزسیۆن کۆمەڵگایەکی خنکاوە، کۆمەڵگایەکە دەرگای بەسەر زەمەن و داهاتوودا نییە. لە ڕاستیدا شتێك نییە ناوی (نەبوونی ئۆپۆزسیۆن) بێت، هەموو کۆمەڵگایەکی وەك ئەگەر و پێکهاتی ناوەکی لەناو خۆیدا مەرجی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی هەڵگرتووە، تەنها لە بەهەشتدا دەشێت ئۆپۆزسیۆن نەبێت. لێرەوە دژایەتیکردنی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئۆپزسیۆن لەو قەناعەتە نەفامەوە هاتووە کە ئێمە لە بەهەشتدا نەدەژین. هەموو هێزە دەسەڵاتدارەکان هەوڵدەدەن خۆیان وا پیشان بدەن کە خەریکی دروستکردنی بەهەشتن، پێیانوایە ئەگەر کەموکوڕییەك هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پڕۆژەی بونیادنانی بەهەشت هێشتا بەتەواوەتی تەواو نەبووە و، حوکمڕانە بەڕێزەکان کاتی زیاتریان دەوێت بۆ تەواوکردنی بەهەشت. ئەم عەقڵییەتە (مەبەستم عەقڵییەتی وەستای بەهەشتە) ترسناکە. مرۆڤ دەبێت بگەڕێتەوە بۆ وێنە دروست و سروشتییەکەی کۆمەڵگا، وەك یەکەیەکی پڕ ناکۆکی، وەك پێکهاتێکی ئەنتاگۆنیست، چونکە خولقاندنی وەهمی بەهەشت، بە دیوی ئەودیدوا وێنەی جەهەنەمی کۆمەڵگاش تیژدەکاتەوە. نابێت شەڕ لە کۆمەڵگادا بچێتە سەر فۆرمی ئەوەی ئاخۆ ئێمە لە بەهەشتین یاخود لە دۆزەخدا، دەبێت هەردوو جۆرە نیگاکە سووك و لاواز بکرێن. ئۆپۆزسیۆن وادەکات سیاسەت لە جەوهەرە دینییەکەی دوور بکەوێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ سروشتە ناکۆك و راستەقینەکەی. کۆمەڵگای بێ ئۆپۆزسیۆن هێشتا لەسەر فۆرمی (بەهەشت/ دۆزەخ)، (کافر/ئیماندار) کار دەکات. لە دایکبوونی ئۆپۆزسیۆن مەرجی سەرەکی رزگارکردنی سیاسەتە لەو دوو لانانە، بەخشینەوەی سیفەتە ناکۆك و فرە جەمسەر و فرە خەونەکەیە بە کۆمەڵگا. لێرەوە لە بنەڕەتدا دان نەنان بە ئۆپۆزسیۆندا لەو وێنە دینییەوە هاتووە کە ئێمە لە بەهەشتداین و پێویستیمان بە ناڕەزایی نییە. پارتی و یەکێتیش بەبڕوای من ئەستەمە لە مەودای نزیکدا بتوانن خۆیان لەو رەهەندەی سیاسەت پاك بکەنەوە. دیکتاتۆرییەت هەمیشە لەسەر بیرۆکەی بەهەشتێکی تەواونەکراو دادەمەزرێت، بەهەشتێك کە دەبێت بە رابەری ئەو هێز و ئیرادە دەسەڵاتدارەی ئێستە حاکمە تەواو بێت، ئیدی لەلای ئەم عەقڵییەتە ئۆپۆزسیۆن وەك گەڕانەوەی شەیتان بۆ ئەم بەهەشتە سەیر دەکرێت. لێرەوە ترسناکترین دیاردەی دونیای ئێمە لەمڕۆدا بەبڕوای من ئەو رستەیە نییە کە بڵێین ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت هیچ بگۆڕێت، بەڵکو ئەوەیە کە بیستین کە گۆڕان تەنیا بە یەکێتی و پارتی دەکرێت. ئەمە ئەو رستەیە کە نیشانی دەدا عەقڵییەتی دیکتاتۆری و دینی تا چ ئەندازەیەك لەم دیدگایانەدا چەسپیوە، ئەو هێزانەی کە بڕوای راستەقینەیان بە دیموکراسییەت نییە و بەردەوام لە خەریکی گەمەی خۆڵادان و پێچکردنەوەدان بە دەوری دیموکراسییەتدا پێیانوایە ئەوان تاکە ئەندازیاری کۆمەڵگا و تاکە ئەندازیاری بەهەشتن. لای من گرنگە ئۆپۆزسیۆن ئەم قەناعەتە لە هۆشیاری گشتی و هۆشیاری سیاسیدا بسرێتەوە.

تەنها لە بەهەشتدا دەشێت ئۆپۆزسیۆن نەبێت

کۆمەڵگای بێ ئۆپۆزسیۆن کۆمەڵگایەکی خنکاوە، کۆمەڵگایەکە دەرگای بەسەر زەمەن و داهاتوودا نییە. لە ڕاستیدا شتێك نییە ناوی (نەبوونی ئۆپۆزسیۆن) بێت، هەموو کۆمەڵگایەك وەك ئەگەر و پێکهاتی ناوەکی لەناو خۆیدا مەرجی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی هەڵگرتووە..